# زنجیرەی چیرۆك و ڕووداوە ڕاستەكان ( 5 )

## باوكی حارث

### ( 5 ) ئەو سێ كەسەی ناو ئەشكەوتەكەو بەردەكەی دەرگای لێگرتن

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : " بينما ثلاثة نفر يتماشـون أخـذهم المطـر فمـالوا إلى غـار في الجبـل فانحطت على فم غارهم صخرة من الجبل فأطبقت عليهم فقال بعضهم لبعض : انظروا أعمالا عملتموها لله صالحة فـادعوا الله بهـا لعله يفرجها . فقال أحدهم : اللهم إنه كان لي والدان شيخان كبيران ولي صبية صغار كنت أرعى عليهم فإذا رحت عليهم فحلبـت بدأت بوالدي أسقيهما قبل ولدي وإنه قد نأى بي الشجر فما أتيت حتى أمسيت فوجدتهما قد ناما فحلبت كما كنت أحلب فجئـت بالحلاب فقمت عند رؤوسهما أكره أن أوقظهما وأكره أن أبدأ بالصبية قبلهما والصبية يتضاغون عند قدمي فلم يزل ذلـك دأبـي ودأبهم حتى طلع الفجر فإن كنت تعلم أني فعلت ذلك ابتغاء وجهك فافرج لنا فرجة نرى منهـا الـسماء ففرج الله لهـم حتـى يـرون السماء قال الثاني : اللهم إنه كان لي بنت عم أحبها كأشد ما يحب الرجال النساء فطلبت إليهـا نفـسها فأبـت حتـى آتيهـا بمائـة دينار فلقيتها بها فلما قعدت بين رجليها . قالت : يا عبد الله اتق الله ولا تفتح الخاتم فقمت عنها . اللهم فإن كنت تعلم أنـي فعلـت ذلك ابتغاء وجهك فافرج لنا منها ففرج لهم فرجة وقال الآخر : اللهم إني كنت استأجرت أجيرا بفرق أرز فلمـا قـضى عملـه قـال : أعطني حقي . فعرضت عليه حقه فتركه ورغب عنه فلم أزل أزرعه حتى جمعـت منـه بقـرا وراعيهـا فجـاءني فقـال : اتـق الله ولا تظلمني وأعطني حقي . فقلت : اذهب إلى ذلك البقر وراعيها فقال : اتق الله ولا تهزأ بي . فقلت : إني لا أهزأ بك فخـذ ذلـك البقـر وراعيها فأخذ فانطلق بها . فإن كنت تعلم أني فعلت ذلك ابتغاء وجهك فافرج ما بقي ففرج الله عنهم " . متفق عليه

واتە : ( كاتێ سێ كەس ئەڕۆیشتن باران بردنی =باران بەسـەریاندا بـاری= لایانـدا بـۆ ئەشـكەوتێك لـە نـاو شـاخا بـەردێك لـە شاخەكە كەوتە خوارەوە كەوتە بەردەمی ئەشكەوتەكەیان جا دەرگای ئەشكەوتەكەی لێداخستن جا هەنـدێكیان بەهەنـدێكیان ووت =بەیەكتریان ووت= : سەیری كردەوەكان بكـەن كردەوەیـەك كردبێتتـان بـۆ خـوا بەچـاكی =بەنیەتـەكی پـاك= جـا بـەو كردەوەتان داوا لەخوا بكەن بەڵكو ئەو ناخۆشیەمان لەسەر لادات دەرگای ئەشكەوتەكە بكرێتەوە . جا یەكێكیان ووتی خوایـە من دایك و باوكێكم هەبوو پیر بوون و گەورە بوون =بەساڵا چوبوون= وە منالی بچووكم هەبوون من بۆیان شوانیم ئەكرد جا كە ئاژەڵەكانم ئەگەڕاندەوە شوێنی خۆیان ئێواران ئاژەڵەكانم ئەدۆشی جا دەستم پێ ئەكرد بە دایك و باوكم شیرەكەم ئەدانێ بۆ ئەوەی بیخۆنەوە پێش ئـەوەی بیدەمـە منالـەكانم وە لـەوەڕی ئاژەڵـەكانم دوری خـستمەوە ڕۆژێـك جـا نەهاتمـەوە تـا شـەوم بەسەردا هات جا بینیمن كە ئەوان خەوتون جا ئاژەڵەكانم دۆشی هەر وەك جاران كە ئەمدۆشین جا شیرەكەم هێنا وەستام لـە سەر سەریان پێم ناخۆش بوو خەبەریان كەمەوە وە پێشم ناخۆش بوو بە منالەكانم دەست پێكەم پێشی ئـەوان وە منالـەكانم هاوار هاواریان بوو لە برسا لە دەوری پێم وە من هـەر ئـاوا لـەو حاڵەتـە مامـەوە ئـەوانیش وا مانـەوە تـاكو فـەجر =بـەیانی= دەرچوو ئەی خوایە ئەگەر تۆ ئەزانی من ئەو كارەم كردووە لە پێناوی ڕووی تۆ ئەوە كەلێنێكمان بۆ بكـەوە لـە دەرگاكـە كـە ئاسمانی لێوە ببینین جا خوا كەلێنێكی بۆ كردنەوە لە دەرگای ئەشكەوتەكە تـا ئاسمانیـان لێـوە بـینی ئـەوی دووەم ووتـی : خوایە بەڕاستی مـن كچی مـامێكم هـەبوو خۆشـم ئەویـست خۆشویـستنەكی وا كـەوەك نمونـەی تونـد تـرین و گـەورە تـرینی

خۆشەویستی پیاو بۆ ئافرەت جا داوام لێکرد نەفسی خۆی بداتە دەست =بۆ تاوان= جا ڕازی نەبوو ڕەدی کردەوە تاکو سەد دیناری نەدەمێ جا سەد دینارم بۆ ئامادە کرد ئەوجا خۆی تەسمیل کرد جاکە دانیشتم لە بەینی پێیەکانی ووتی : ئەی بەندەی خوا تەقوای خوا بکە وە بە بێ حەقی خۆی خاتەم =بەکارەت یان بێمارە بڕین ئەوە مەکە= نەکەیتەوە تەنها بە حەقی خۆی نەبێ =بە مارە بڕینی حەڵاڵ= جا هەڵسام وازم لێهێنا خوایە ئەگەر تۆ ئەزانی من ئەم کارەم لە پێناوی ڕووی تۆ کردووە ئەوە کەلێنیکمان بۆ بکەرەوە لە دەرگاکە ئەوجا کەلێنێکیان بۆ کرایەوە لە دەرگای ئەشکەوتەکە وە ئەوی تر ووتی : خوایە من کرێکارێکم بە کرێ گرتبوو بە ڕوبە برنجێك جا کە کارەکەی تەواو کرد ووتی : مافەکەم بدەرێ جا مافەکەم خستە پێشی ئەو وازی لێهێناو نەی ویست جا من بەردەوام ئەو برنجەم ئەڕواند و ئەمچاند تاکو بەو ماڵە چەند مانگاو شوانەکەیم کۆ کردەوە جا کرێکارەکە هاتە لام ووتی : تەقوای خوا بکە ستەمم لێمەکە وە مافەکەی خۆم بدەرێ جا منیش ووتم : بڕۆ بۆ لای ئەو مانگایانە بە شوانەکەیانەوە =مافی تۆیە بیبە= جا ووتی : تەقوای خوا بکە وە گاڵتەم پێمەکە جا ووتم : من گاڵتەت پێناکەم ئەو مانگایانە بەرە وە شوانەکەشیان جا بردی و ڕۆیشت خوایە ئەگەر تۆ ئەزانی من ئەو کارەم لە پێناوی ڕووی تۆ کردووە ئەوەنەی ماوە دەرگاکەمان بۆ بکەرەوە جا خوا بە هانایانەوە هات و دەرگاکەی بۆ کردنەوەو ڕزگار بوون ) .

**لە سوودەکانی ئەم چیرۆکە**

1- کردەوەی چاك بکەیت لە کاتی سانایيت سودی لێ ئەبینی لە کاتی تەنگانە .

2- واجبە لەسەر موسڵمان کە تەنها پەنا بەخوا بگرێ و هاواری تەنها بۆ خۆا بەرێ لە کاتی تەنگانە خوای بەرزیش ئەفەرموێ : ﴿وَلَا تَدْعُ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَنْفَعُكَ وَلَا يَضُرُّكَ فَإِنْ فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذًا مِنَ الظَّالِمِينَ﴾ يونس 106 واتە : ( وە داوا مەکە بێجگە لەخوا لەوانەی سودت پێناگەیەنن و وە زیانت پێناگەینن ئەگەر وات کرد لە غەیری خوا داوا بکەی ئەوە تۆ لە ستەم کارانی ) .

3- دروستە بە کردەوە چاکەکانمان لە خوا بپاڕێینەوە تەوەسول بکەین بەڵام دروست نیە بڵێین لە بەر خاتری فلان و حەقی فلان و زاتی فلان چونکە ئەوە بیدعەیەو هەموو بیدعەیەکیش گومڕاییە .

4- خۆشویستنی خواو تاعەتی لە پێش خۆشویستنی هەواو ئارەزووەکانە.

5- چاکە کردن لە گەڵ دایك و باوك لە پێش چاکە کردن لە گەڵ منداڵ و خێزانە .

6- چۆن پاراستنی مافی کرێکار هۆیەکە بۆ دەرباز بونت لە کاتی تەنگانە .

7- واز هێنان لە تاوان لە پێناوی خوا بە تایبەتی کە لە تواناتا بێت پاداشتی زۆرەو هۆی ڕزگار بونە لە ناخۆشی .

8- لە هەموی گرنگ تر ئەبێ هەر کارێك بکەین تەنها بۆ خوا بێت ئیخلاسمان هەبێ مەبەستمان دونیاو بەرژەوەندی و خۆ نیشاندان نەبێ بۆ ئەوەی لای خوا قبوڵ بکرێ لێمان و لە کاتی تەنگانەمان ڕزگارمان بکات .

9- هەر چەندەی لە ناخۆشی بوین و دەرگامان بەسەرەوە داخرابێ ! بزانین خوای بەرز بە توانایە ڕزگارمان بکات لە بەر ئەوە بێئومێد نەبین لە ڕەحمی خواو بەردەوام لێی بپاڕێینەوە .

وە زۆر سودی تر هەن لە باسەکە داوا لەخوای بەرز ئەکەم کە لەو ناخۆشیانەی موسڵمانان تێی کەوتون ڕزگارمان بکات و بمان پارێزێ لە هەموو فیتنەیەکی دونیاو قیامەت .